# هیلیلۆڤ:

# مەرج نییە هەموو کەسێک لە پەیامی هونەر بگات

هیلیلۆڤ یان هێلان عەبدوڵا کچە گۆرانیبێژێکی کوردە کە ئێستا لە سەرەتای کاری هونەرییە و وەك خۆی دەڵێ هەر لە پێناو هونەردا لە وڵاتی فینلەندا رووی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کردووە بۆ ئەوەی درێژە بەم کارە بدات و بتوانێت تواناکانی خۆی پێش بخات و ببێتە ناوێکی دیار لە نێو گۆرانیبێژە کوردی و ئەمریکییەکان، هیلیلۆڤ بەمشێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی گوڵانی دایەوە.

**• بەشێکی زۆری تەمەنی خۆت لە ئاوارەیی بەسەر بردووە لەنێوان ئێران وئەوروپا و ئەمریکا، لە بارودۆخێکی لەو شێوەیەدا خولیای گۆرانی چۆن لەلات چەکەرەی کرد؟**

- لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا لە وڵاتی فینلەندا لە بواری سەما کردندا زۆر کارم کرد و بەشێوەیەکی پراکتیکی لەگەڵ مامۆستای زۆر گەورە و ناوداری ئەم بوارە سەمام دەکرد، بۆ ماوەی پێنج ساڵ کۆنتراکتم هەبوو لەگەڵ نایك ئۆمن، دوای ئەوەی لە فینلەندا پلەی یەکەمم بەدەست هێنا لە رێگای نایکەوە چوومە یوروپیان چامپیونز، لەوێش لە نێو ١٠٠ کچ من پلەی نۆیەمم بەدەستهێنا، دواتر زۆر حەزم لە گۆرانی و میوزیك بوو و دەمویست زیاتر لەو بوارە دەرکەوم و بناسرێم، بەڵام لە وڵاتێکی بچووکی وەك فینلەندا ئەمە کارێکی ئاسان نەبوو، هەروەها لەبەر ئەوەی زانیاری و شارەزایی زۆریشم سەبارەت بە کوردستان نەبوو، بۆیە بڕیارمدا روو لە ئەمریکا بکەم و درێژە بە کاری هونەری بدەم.

**• کەواتە تەنیا لە پێناو گۆرانی و میوزیك رووت لە ئەمریکا کرد؟**

- بەڵێ، چونکە ئەمریکا وڵاتێکی گەورەیە و زۆربەی گۆرانیبێژ و میوزیك زانە جیهانییەکان لەو وڵاتە گیرساونەتەوە و دەرفەتی ئەنجامدانی کاری هونەری زۆر زیاترە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتێکی وەك فینلەندا، لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا چوومە ئەمریکا و لە لۆس ئەنجلۆس نیشتەجێ بووم و هەوڵمدا کەسانێك بدۆزمەوە کە پسپۆر بن لە کاری هونەری، لە کۆتاییدا



ستافێکی هونەری ناوداری ئەمریکا لە نیۆیورک منیان دۆزییەوە لە ڕێگای ئەنتەرنێت و هەندێك کلیپی منیان بینی و دوای ئەوەی لە ڕێگای تەلەفۆنەوە گوێیان لە گۆرانییەکانم بوو گوتیان خۆت ئامادە بکە دەبێ بێی بۆ نیویۆرك، پەیوەندییان پێوە کردم و داوایان لێکردم کە کۆنتراکتێك بکەین بۆ ئەنجامدانی کاری هونەری بە یەکەوە ئەمەش بۆ من زۆر زۆر خۆش بوو بەجۆرێك سەرەتا باوەڕم نەدەکرد.

**• لە نیویۆرك چیت کرد؟**

- ماوەی دوو ساڵ و نیو لەوێ بووم لەگەڵ ئەو گرووپە بووم وەکو مامۆستا فێری ئەوەیان کردم چۆن لەسەر دەنگی خۆم کار بکەم و چۆن لە ستۆدیۆ و لە دەرەوەی ستۆدیۆ گۆرانی دەڵێم و چۆن گۆرانی و سەما تێکەڵ دەکەم واتە وانەکانی هونەری بە گشتی.

**• لە ئەمریکا زیاتر لە بواری سەما کارت کرد یان گۆرانی و میوزیك؟**

- نەخێر لە ئەمریکا زیاتر لەبواری دەنگ واتە گۆرانی و میوزیك کارم کرد بەتایبەتی دوای ئەوەی لەگەڵ گرووپەکەی نیویۆرك کارم کرد گۆرانی بوو بە کاری یەکەمی من، لەو کاتەوەش من بەردەوام لە کاری گۆرانی، دوای ئەوە لەگەڵ کەسێك کارم کرد بە ناوی زیجویم کە گەورەترین تێکستنووسی گۆرانییە لە ئەمریکا و جیهان کە تێکستی بۆ مایکل جاکسۆن و بیونسی ( نوێترین ئەلبوومی بیونسی هەمووو تێکستەکان ئەو نووسیویەتی ) و چەندانی دیکەش، جارێکیان لەگەڵ پرۆدیوسەرەکەم لە ستۆدیۆ بووم، هاتە ستۆدیۆ، کە هاتە ژوورەوە وتی: حەز دەکەم گوێم لە دەنگت بێت بزانم چۆنە، چونکە لەوێ کاتی خۆیان بە فیرۆ نادەن یەکسەر وەڵامەکەت پێ دەڵێن، کە گوێی لە دەنگم بوو، هەر لەوێ یەکسەر گۆرانییەکی بۆ نووسیم ئەمەش مایەی سەرسوڕمانی من و پرۆدیۆسەرەکەم بوو، چونکە بۆ هەر کەسێك کارێك بکات داوای پارەیەکی زۆر دەکات و بە ئاسانیش بۆ کەس کار ناکات.

**• لەوێ وەك کوردێك یان فینلەندییەك یان ئەمریکییەك ناسرایت؟**

- زیاتر وەك ئەوروپییەك دەناسرام، چونکە کاتێك دەمگوت من ئەوروپیم بۆیان ئاسایی بوو، بەڵام هەستم بە دڵتەنگییەکی زۆر دەکرد کاتێك وتیان تۆ شێوەت لە ئەوروپییەکان ناچێت، بۆیە دەمگوت من کوردم و لە کوردستانەوە هاتم، بەداخەوە نەیاندەزانی کورد یان کوردستان چین، ئەگەرچی زۆر هەوڵمدا بۆیان روون بکەمەوە و تێیان بگەیەنم، بەڵام باوەڕ ناکەم ئێستاش بە تەواوی بزانن کورد چین.

**• تا ئێستا چەند گۆرانی و کلیپت هەیە؟**

- پێشتر گۆرانیم زۆر وتووە، بەڵام دوایین کلیپم (riskt all) پرۆفیشناڵترین کلیپی منە.

**• چۆن بیرت لەوە کردەوە کە لە کوردستان کلیپ بۆ گۆرانی (riskt all) بکەی؟**

- ستافی من هەمیشە دەیانوت کە کلیپەکە لە ئەمریکا تۆمار دەکەین و چەندین ئەکتەری جیهانی دەهێنین و بەشێوەیەکی جوان تۆماری دەکەین، بەڵام من وتم پێویستە ئەم کلیپە لە کوردستان تۆمار بکرێت، چونکە بۆ من وەك خەونێك بوو لە وڵاتی خۆم تۆماری بکەم، خەونی هەموو کوردێك ئازاد بوونی کوردستانە، ئێستا کە کوردستان ئازادە بۆچی کلیپەکەم لە کوردستان تۆمار نەکەم، گۆرانییەکەشم باس لە ئازادی و بەدەستهێنانی ماف دەکات، بۆچی ئێمەش شاکیرامان نەبێت و لاوەکانمان نەچن لە تۆسکار و فیستیڤاڵە جیهانییەکان بەشداری بن، ئێمە میللەتێکی زیرەك و بە توانایین، بەڵام بۆ خۆمان زیرەك نین تەنیا لەوەدا زیرەکین کە یەکتر بشکێنین لە جیاتی ئەوەی یەکتر سەربخەین و هاوکاری یەکتر بکەین، هەرچەندە من زۆرم پێناخۆشە کە پێم دەڵێن شاکیرا یان ریهانای کوردستان، بەڵام بۆچی ئێمەش ئەمانمان نەبێت.



**• کێ سیناریۆی کلیپەکەی دانا؟**

- من خۆم سیناریۆکەم داناوە هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی وەك هێنانی ژمارەیەك کچ و منداڵ و ئاڵای کوردستان و تەنانەت جلوبەرگەکانی خۆم و بەشداربووانی کلیپەکەش من هەڵمبژاردوون .

**• پێش کلیپەکە سەردانی کوردستانت کردبوو؟**

- بەڵێ بۆ بەشداری کردن لە فیلمێکی سینەمایی مەتین قوبادی هاتوومەتە کوردستان.



**• کلیپەکەت رەخنەی زۆری لێگیرا، پێشبینی ئەو رەخنانەت دەکرد؟**

- نەخێر، چونکە من گۆرانیبێژێکی ئەمریکیم و بە ستایلێکی ئەمریکی گۆرانی دەڵێم، ئێستا زۆربەی هەرە زۆری لاوەکانمان دەزانن ستایلی ئەمریکی یان ئەوروپی چییە، بۆیە منیش بە ستایلی ئەمریکی گۆرانی دەڵێم، ئێستا زۆر گۆرانیبێژمان هەیە بە کوردی گۆرانی دەڵێن، حەز دەکەم ئێمەش وەك کورد بە ستایلی ئەمریکی گۆرانی بڵێین.

**• کلیپەکەت بۆ بینەری کوردە یان بینەری ئەمریکی و ئەوروپی؟**

- بۆ هەموو مرۆڤەکانە بە ستایلی ئەمریکی، ئەگەر سەیری بکەی دەبینی، کلیپەکە لە کوردستان تۆمار کراوە و جلوبەرگی کوردی تێدایە بەشداربووانی کلیپەکە کوردن، لە هەمان کاتیشدا زۆر شتی تێدایە کە ئەمریکییە،هەروەها ستایلی گۆرانییەکەش ئەمریکییە و سەما کردنیشم ئەمریکییە.



**• لە کلیپەکەتدا چەند ئافرەتێکی دەمامکدار دەبینرێن، ئەمە چ مانایەك دەگەیەنێت؟**

- ئافرەتانی کورد بەتایبەتی پێشمەرگەکان زۆر بە هێز و توانان و خەباتی زۆریان کردووە لەپێناو ئازاد کردنی کوردستان ئەم ئافرەتە دەمامکدارانە نیشانەی بەهێزی ئافرەتی کوردن، بەڵام بە هیچ شێوەیەك نیشانەیەك نییە بۆ تیرۆریستان، هونەرمەند مافی ئەوەی هەیە بیربکاتەوە ئەگەر ئەو کارەی دەیکات جیاوازیش بێت لەگەڵ بیرکردنەوەی خەڵکی ئاسایی و مەرجیش نییە هەموو کەسێك لە ناوەڕۆکی کلیپەکەی بگات، بێگومان وەك هەر کارێکی هونەری کلیپەکەی منیش زۆر پەیام و واتای هەیە بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە ئافرەتەوە هەبێت.

# شاکیرا کاریگەریی نەرێنی کردۆتە سەر پیکێ

چەند ساڵێك بەر لە ئێستا و ڕێك لە ساڵی ٢٠١٠ شاکیرای کچە گۆرانیبێژی کۆلۆمبی بە ڕەچەڵەك لوبنانی پەیوەندیی خۆشەویستیی خۆی و جیرارد پیکێ یاریزانی یانەی بەرشەلۆنە ڕاگەیاند و دوای چەند ساڵێك بوون بە خاوەن کوڕێك و ناویان نا میلان، شاکیراش ئامادەی زۆربەی یارییە گرنگەکانی یانەی بەرشەلۆنە و ئاهەنگەکانی یانەکە بوو بەبۆنەی سەرکەوتن و بەدەستهێنانی پاڵەوانێتییەکان، بەمەش جەماوەری زۆرتر بوو بەتایبەتی لە نێو جەماوەری یانەی بەرشەلۆنە لەسەرتاسەری جیهان . بەڵام پێدەچێت شاکیرا هۆکارێك بێت بۆ دابەزینی ئاستی پیکێ، چونکە ڕۆژی ٢ی شوبات ڕۆژی لە دایکبوونی هەردووکیانە و ئەم ساڵ لە هەمان ڕۆژدا یانەی بەرشەلۆنە تووشی یەکەم شکست هاتەوە لەسەر یاریگا و نێو جەماوەری خۆی و پیکێش ئاستێکی نزمی پێشکەش کرد، بۆ ئەم مەبەستە ڕاهێنەری یانەکە سیخوڕێکی دانا بۆ چاودێری کردنی جووڵەکانی پیکێ لە دەرەوەی یاریگا ئەمەش وایکرد کە تا ڕاددەیەکی زۆر کۆنترۆڵ بکرێ، ئەگەرچی پار ماوەیەکی زۆر لەسەر کورسی یەدەگ دانیشت.





# ئەنجلینا لە هەڵبژاردنی ئۆتۆمبێلەکانی، پشت بە هێز و خێرایی دەبەستێت

ئۆتۆمبێل ئاوێنەی خاوەنەکەیەتی و رەنگدانەوەی ناخ و کەسایەتیی مرۆڤە، ئەکتەرە جیهانییەکان و یاریزانانی تۆپی پێی جیهانی گرنگییەکی زۆر بە جۆری ئۆتۆمبێلەکانیان دەدەن، سەرەڕای جوانی و سەرنجڕاکێشیی ئەنجلینا جۆلی، بەڵام زۆربەی فیلمەکانی ئەکشـــنە، ئەمەش پێویستی بە جووڵەی بەردەوام و خێرایی و هێز و زۆر جـــار توندوتیژی ودڕندەییش هەیە، بۆیـــە هەڵبژاردنی ئۆتۆمبێلەکانیش رەنگدانەوەیەکـــی تەواوی رۆڵەکانی پێـــوە دیارە. ئەنجلینا خـــاوەن ژمارەیەکی زۆری ئۆتۆمبێلی گرانبەهایە و هەر یەکەیان لە بۆنە و کاتی تایبەت و دیاریکراودا بەکاردەهێنێت، یەکێك لەو ئۆتۆمبیلانەی کە زۆر خۆشەویســـتن لای ئەنجلینا بریتییە لە Jaguar XJ ی رەنگ رەش، ئەم ئۆتۆمبێلەی بۆ یەکەم جار لە ســـاڵی ٢٠١١ لە گەشـــتێکی بەنێو شـــەقامەکانی لەندەندا بەکارهێنا، ئەمەش زیاتر بۆ هێز و جوانی ئەم ئۆتۆمبێلە دەگەڕێتەوە، چونکە بزوێنەرەکەی ٨ پســـتۆنە و هێزی ٣٨٥ ئەســـپی هەیە و خێراییەکەی دەگاتە ٢٥٠ کم و لـــە ٥.٧ چرکەدا دەگاتـــە خێرایی ١٠٠ کم لە یەك کاتژمێردا، هەروەها لەڕووی تەکنۆلۆژیاشـــەوە زۆر پێشـــکەوتووە و هەســـتیارە بۆ هەموو وەرزەکانی ســـاڵ، جگە لەمە یەکێکی دیکە لە ئۆتۆمبێلە خۆشەویستەکانی ئەنجلینا جۆلی (LandRover) لاندرۆڤەرە، دوای دەرکەوتنی بۆ یەکەم جار لە فیلمـــی Tomb Raider لەو کاتەوە بەردەوام لە گەڕانی خێزانیدا بەکاری دەهێنێت بەتایبەتی لەسەر رێگا خێراکان، چونکە ئۆتۆمبێلێکی جوان و خێرایە، ئەنجلینا ئۆتۆمبێل بەپێی بەهێزی و جوانـــی هەڵدەبژێرێت و بەکاریان دەهێنێت و جگە لەم دووانە ژمارەیەك ئۆتۆمبێلی دیکەش هەن کە زۆر بەکاریان دەهێنێت وەك شـــیڤرۆلیە و بی ئێم دەبل یو و فۆرد ئیســـکپلۆرەرە، بەڵام ئەو ئۆتۆمبێلەی کە لەلایەن جەماوەری ئەنجلیناوە خۆشەویستە و بە هۆی ئەوەوە روویان تێکردووە جاکوارە.

# تایرا بانكس هەرزەكارێكی ٤٠ ساڵانە



هەندێك لە ئەستێرە ســـینەماییەکان و راگەیاندنکارە ناودارەکان هەمیشـــە ناویـــان لەگەڵ لیســـتی خۆشەویســـتی و چیرۆکی ئەڤینداریی جیاجیادا هەیە، تایرا بانکســـی راگەیاندنکار و سوپەر مۆدێل و بیزنســـکار یەکێکە لەوانەی لە زۆربەی راگەیاندنکار و کەســـایەتییە ناودارەکانی دیکە زیاتر ناوی دێت و هەمیشـــە کە ناوی دێت باسی خۆشەویستی دێتە ئاراوە و زۆر جاریش پاڵەوانی چیرۆکەکانی دەگۆڕێت.

پێشـــتر پەیوەندی لەگەڵ ئەســـتێرەی موزیك سیل هەبوو دواتر لەگـــەڵ هەر یەکە لە دەرهێنەر جۆن ســـینگلتۆن و ئەســـتێرەی سینەمایی ویل سمیس، تایرای تەمەن ٤٠ ساڵ سەرەڕای پەیوەندییە زۆرەکانی لە هیچیان سەقامگیر نەبووە و پەیوەندییەکانیشی کاتی بوون و زۆریان نەخایاندووە، بەڵام ئێستا بەدوای ئەوەدا دەگەڕێ کە لەگەڵ کەسێك جێگیر بێت و دوور کەوێتەوە لەو هەموو پەیوەندییە کاتیانەدا، ئێســـتا چاوی بڕیوەتە ئیریك ئاسلا کە وێنەگرێکە لە هەردوو بواری مۆدە و هونەرە جوانەکان و نۆ ساڵ لێی گەورەترە، تیرا بۆ یەکەم جار بەر لە مانگێك بە ئاشکرا و بە رەسمی لەگەڵ ئاســـلا بینران، دواتر چەند جارێکی دیکە بە یەوەکە بەتایبەتی لە چێشتخانەیەکی رۆژئاوای هۆلیۆد، ئەوەی جێی سەرنجی خەڵـــك بوون تایـــرا وەك هەرزەکارێـــك دەهاتە پێش چاو کە زەردەخنە هەمیشـــە لەســـەر لێوانی بوو وەك ئەوەی بڵێی ئەمە یەکەم جارە لە ژیانیدا خۆشەویستی بکات، هەروەها شێوە جلوبەرگەکانیشـــی جیاواز بوو لەوەی پێی ناســـراوە و زیاتر گەنجانە بوو، مکیاژێکی ناســـکی جوانیشی کرد بوو، سەرەڕای ئەمەش پروپاگەنـــدەی ئەوە هەیە کە تایـــرا پەیوەندی لەگـــەڵ شـــیرڤین بیشـــیڤار هەبێـــت کـــە ملیاردێرێکی بە رەچەلەك ئێرانییە، بەڵام لە جەژنی خۆشەویســـتیدا تایرا ئـــەم قســـانەی بە درۆ خســـتەوە کاتێـــك پەیوەندی خۆی و ئاســـلای دووپات کردەوە و رایگەیاند کە ئەم ساڵ جەژنی ڤالەنتاین بە تەنیا ناکاتەوە.















# لە هەولێر نمایشێكی سیحراوی باڵێ نمایش كرا



دوای ئەوەی ڕۆژی ١٧ ی شوبات تیپی سمفۆنیای نیشتمانی عێراقی و ئۆركیسترای كوردستان چەند پارچە موزیكێكی جیهانییان پێشكەش كرد، ڕۆژی ١٨ی شوباتی ٢٠١٤ بە ئامادەبوونی جەماوەرێكی زۆر لە هۆڵی سەعد عەبدوڵا تیپی باڵێی كییف چەند تابلۆیەكی جوان و سەرنجڕاكێشیان پێشكەش كرد.

لە نمایشەكەدا ژمارەیەك بەرپرس و پەرلەمانتار و دیبلۆماسی و و كونسوڵی گشتی وڵاتانی فەرەنسا و بەلژیكا و ئیمارات ئامادەی بوون.

شایەنی وتنە ئەمە یەكەم جارە لە شاری هەولێر نمایشی باڵێ ئەنجام بدرێت.





